# خۆزگە فراکسیۆن لە جیاوازیە سیاسیەکان حالیان دەکرد ین.

## عادل ئیبراهیم

حیزبی کۆمۆنستی کریکاری عیراق هەقی ئەندامەتی لە سێ ئەندام سەندەوە، ئەو سێ ئەندامە نوسراویکیان بلاو کردۆتەوە تیا دەبێژن جیاوازیەکانیان سیاسیە نەك پیادە نەکردنی مەوازینی حیزبی، هەروەها ئەو بریارەی مەحکوم دەکەن‌و ئیتر "رابەری ئەو حیزبە میژوویەکی سەرکوتی مخالفینی سیاسی خۆی تۆمار کردووە"!.

نازانم چی بیژم سەرم سورماوە لەوەی چۆن تاقەتی ئەم سەریەشەیەتان هەیە، دیارە دلتان بۆ ئایدولۆژیا زۆر گەورەیە، ئەدی ئیوە مەوازینتان پیادەکردووە یان نا، جیاوازیتان سیاسیە یان نا، رابەری ئەو حیزبە تازە دەرگای چونە دەرەوەی بۆ خستنە سەر پشت، تەواوی بەلگەو بیانوتان بۆ ئەوەی خۆتان بەر هەقن‌و بریاری رابەریتان پێ مەحکومە، داخی داخم گشتی داماوی‌و زەلیل‌و زولنماییەو فلسیکی قەلب ناکات، بتانەوێ یا نەتانەوێ خۆشیتان بیت یا تورشی، رۆشنە یەك بەیەکی تاقمەکەتان ئیتر ئەندامەتی لەو حیزبەدا بێ مانایە، حیزبی عیراق بێ‌سێ دوو رایان گەیاندووە دۆستایەتیشیان لە گەل حیزبی تەقواییدا پێ حەرامە، چونکە دەبیژن ئەو حیزبە مەبەستیە حیزبەکەیان ووردخاش کات، ئیتر دروست بن یا نا، هەلویستەیەکە لەباری لۆجیکیشەوە بیت لییان قەبول دەکریت کە دەخوازن لە ئافاتی تەقواییەکان بێ بەلابن، دەبیت ئیوەش ئەوە چاك حالی بن، بەنەزەری ئەوان هەر چی‌یەك لە ناو حیزبی عیراقدا بکەن بە هەمان لۆجیك دەبنە شۆفلە شکاوی تەقواییەکان.

پرسیار ئەوەیە ئیوە چی ئەکەن، نیازتان چییەو چ کارەن، چ ریکخراویك دروست ئەکەن، ریگای سەرکەوتنتان چۆنە، چۆن سیاسەتەکانتان بە خەلکی رادەگەیەنن‌و دەتوانن ببنە رابەرو متمانەی خەلك لە کاتیکدا ئیوە دەرکراوی حیزبیکی تر بن، ئەم دەمەتەقێیەی ئیستا بە فریاتان ناکەویت، ئایا هیچ کیشەیەك لە عیراق‌و کوردستان‌و ئیراندا نەماوە حکمەتیەکان‌و حزبی عیراق نەبیت، ئەدی تەقواییەکان نابێژن بەهیزتربوین، تا خۆتان بە حیزبی عیراق‌و فراکسیۆن سازیەوە خەریك کەن بەشتان توانەوە دەبیت، خەلك بۆ ناسینی هیزی سیاسی لە فراکسیۆن حالی نابیت، ئەمە لە مالە باجێنە دەچیت تا کاری سیاسی.

گەر هەقیقەت بە ئیوەیەو ئەو حیزبە رۆچووە بۆ بالی راست، نابێ یەك دەقە خۆتان‌و تاقمەکەتان ساتیك ئۆقرە بگرن‌و دامینن لەو حیزبەدا، ئەوە ئیتر لانەی ئیوەی بالی چەپ نییەو نابەجێیە بپارینەوە لییان، خۆشتان باش دەزانن ئاسمان بیتە خوارەوەو روحتان دەرچیت دان بە فراکسیونەکەتاندا نانین‌و لیتان قەبول ناکەن، هەتا بە فراکسیۆن مامەلەیان بکەن لاوازترتان دەکەن‌و ئابروشتان دەچیت، بە فراکسیون زۆرانتان بۆ ناگیریت‌و شەری بەتالی دەکەن، گەر بە تەنگ کۆمەلگەو جیاوازیە سیاسیەکانەوەن ئەوە مەیدانیکی پان‌و بەرین هەیە فەرمون تاقی کەنەوەو مەهیلن ئەو بالە راستە بزووتنەوەکەتان بە چەواشەدا بەرێ، فریا کەون سیاسەتەکانتان رۆشن کەنەوەو حالیمان کەن، لە پراتیکی کۆمەلایەتیدا بیسەلمینن کە ئیوەن کۆمۆنیزمی کریکاری، بەم شیوە ئاخفتنانە ناتوانن خەلك قانع کەن کە رابەری ئەو حیزبە سەرکوتی سیاسی دەکات‌و فەزای سالمی سیاسی ناپاریزێ، لەم حەلولایە زۆرمان بیستوە.

ئیوە بە دووبارە کردنەوەی دەمەتەقێی تەقواییەکان بە حکمەتیەکان دەلێن راست، لە باسە دەرونیەکانی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری ئیراندا گەر ئەوەی لێ هاتبیتە دەر حکمەتیەکان سەر بە حەجەریانن، بەدوای راگەیاندنی حیزبی حکمەتی تەپوتۆزی ئەو راست‌و ناسۆشیالستیە روخساری نەبو، تەقواییەکان‌و ئیوەش لەو بارەوە شتێ تازەتان نییە جگە لە قەوانی کۆن، بەلام سەیر لەوەدایە لەم رۆژنەدا تەقواییەکان زۆر بە سادە دومبالەرەوی راگەیاندنە ئەحمەقەکانی شۆرشی "ئاهور یەزدا" بون، کەچی هەر سۆشیالستن.